# ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن

بەرزان هەستیار
نیسانی 2005
کۆلن

bhastiar@yahoo.de

هیچ ئەسەرێکت نییە ،
فریای بینینی ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەویت
پێ ڕاناگەیت ئەو خوێنە ببینیت ،
ئەو خوێنەی لە ئارام گرتندا پیس بووە
چۆن لە برینەکانمەوە
بە زەردەخەنەوە هەڵپەی جێهێشتنم ئەکات
بمبەخشە تۆ خۆت دوا کەوتیت
دەنا من دەمێکە ئەڵێم
ئێوارەیەك لە نێو حەوشەی ماڵەکەمدا
ڕێك بەرامبەر خۆرئاوابوون ...
خوێنێك ئەڕێژم لە ڕەنگی یاقووت ،
شیعرەکانم لەسەر یەك سەفتە ئەکەم و
پێیان ئەڵێم ئەگەر ئازان
بەم تەڵە شقارتەیە بوێرن ،
گەر بە جەرگن مەهێڵن ئەو گوللەیە
لە دەمی دەمانچەکەمەوە دەرچێ
ئەگەر شەرەفتان تیا ماوە
ئەم ساتی خۆ کوشتنەم بنووسنەوە ؛
خەتای خۆت بوو چاوەکەم
زۆر درەنگ کەوتیت ؛
ئەمە ئەو ساتەیە ...
جارێ تر دووبارە نابێتەوە
ئەمە ئەو خۆکوشتنەیە ...
وەکو قیامەت یەك جار ڕوو ئەدات

ئەو خوێن بەربوونەیە
هیچ دەمارێك بە خۆیەوە نەبینیوە ؛
لەم خۆرنشینەدا
لەگەڵ نەهاتنی تۆدا
لێزمەی خۆکوشتن داوەت ئەکەمە ماڵەکەم
لەگەڵ دیار نەبوونی تۆدا
لەرزینی گوللەیەك گەرم ئەکەمەوە و
ئەویش داخبوونی من ئەکات بە سەهۆڵ
چەقۆیەك سوور..سوور ئەکەم و
ئەویش ئەمکات بە زەعفەران
دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە ...
تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم
بەڵام دەرۆستی غیرەتم نایەت
لە مێژە چاوێکم خەم ساردانە ئەنوێ و
چاوەکەی ترم ئێشکی هاتنی
خوێن ڕێژەکەی خۆم ئەگرێ ،
دەستێکم سست ئەبێ و
دەستەکەی ترم ....
بۆ چەقۆ ئەگەڕێ ،
شیعرێکم مات ئەبێ و
شیعرێکم مل لە مردن ئەسوێ
دیار نەبوویت ، من ئیتر ناتوانم
لەزەتی خۆ کوشتن دوا بخەم
ئیدی من نامەوێ
خۆم لە میوەی بەهەشتی ...
ئەم مردنە بێبەش بکەم
دواکەوتیت ،
ئۆباڵت بە ئەستۆی بێ مەیلییت
ئەم مەرگە یەك جارە و
ئەم خوێنە یەك خوێنە و
ئەم ئاهەنگی خۆ کوشتنە
هەر ئەم ئێوارەیە ساز ئەکرێ
نەهاتیت ،
ئەم خوێن بەربوونەی شیعرت لە کیس چوو

نەهاتیت ، سەرکزیی شاعیرێك نابینیت ....
لەبەردەم  هەیبەتی مردنا ؛
دەرنەکەوتیت و
من ئیتر بە بێ تۆ
بۆ " عەدەم " هەڵئەچم
ئێستاکە نایابترین کاتە ....
بۆ ئەم خۆ کوشتنەم
نارنجییترین ئێوارەیە...
باڵ دەرکەم بۆ هەڵوەرین
لێم مەگرە ، کە گەشتیت و
بە چیمەنی حەوشەکەوە
مشتێك خۆڵەمێشی ساردت بینی
کە هاتیت و
پیاوێکت دۆزییەوە لە دارِزان
ناتوانم چاوەڕێت بکەم ،
ئای کەسەکەم چەند بە تام بوو ...
ئەم ئێوارەیەم ئاڵتر کەیت
تاکو جوانتر خۆم بکوژم !